سەرکی هەرێم پەیامەکی پیرۆزبایی بۆ ساڵی نوێی کۆچی بڵاوکردەوە



نێچرڤان بارزانی سەرکی هەرێمی کوردستان ،ئەمڕۆ پێنجشەممە، پەیامەکی پیرۆزبایی بۆ ساڵی نوێی کۆچی بڵاوکردەوە، دووپاتی دەکەینەوە کە وەك هەمیشە کوردستان نیشتمانی فرەیی و پێکەوژیانی ئاشتییانە و یەکترقبووکردن و لێبوردەیی لێنەوان تەواوی پێکهاتە ئایینی و نەتەوییەکاندا دەبێت.

ئەمەی خوارەوە دەقی پەیامەکەی سەرکی هەرێمە:-

یەکی موحەرەم، سەری ساڵی نوێی کۆچی بە گەرمی لە تەواوی موسڵمانان لە کوردستان، عێراق و جیهان پیرۆز دەکەم. هیوادارم ساڵی نوێ، خێر و خۆشی، ئارامی و ئاسوودەیی بە هەمووان لێگەڵ خێدا بهێنێت و ساڵی سەرکەوتن و کامەرانی بێت.

لەم بۆنەیەدا دووپاتی دەکەینەوە کە وەك هەمیشە کوردستان نیشتمانی فرەیی و پێکەوژیانی ئاشتییانە و یەکترقبووکردن و لێبوردەیی لێنەوان تەواوی پێکهاتە ئایینی و نەتەوییەکاندا دەبێت. ئەرکی هەموومانە پێکەوە لەپێناو ئێستا و داهاتوویەکی باشتردا بۆ کوردستانییان کار بکەین.

هەموو ساڵێك بۆ خۆشی و لە هەمووان پیرۆز بێت.

نەچیرڤان بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان

١ی موحەرەمی ١٤٤٧

٢٠٢٥/٦/٢٦